

# تابلۆی جووتەپێڵاو

# ڤانکوخ لە لەکەنارخستنەوە تاوەکو بە دەریا بوون

سەردار مەروان جاف

**"ئەم زنجیرە تابلۆیە پێوەندی زۆری لەگەڵ فەلسەفەی نوێ و هونەری نوێدا هەیە"**

دەکرێ جوانی لەوپەڕی نزمییەوە نیشان بدرێت، ئێمە بۆ ئەوەی کرۆکی جوانی نیشان بدەین، پێویستمان بە بینینی گوڵ، سروشت و بەهەشت نییە. دەکرێ جوانی لەناو جووتێک پێڵاوەوە ببینیت.

جووتەپێڵاو، ناوی یەکەم تابلۆی ڤانکوخە لە زنجیرە تابلۆکانی جووتەپێڵاوەکان. یەکەم تابلۆی جووتەپێڵاوی لە ساڵی ١٨٨٦ وێنەکێشاوە، لەوکاتەی هاوڕێکانی خەریکی هەمان پێڕەوی کلاسیک و ئیمپریشیۆنیستی بوون و ئەویش بەلای ئەوانەوە خەریکی وێنەکێشانی شتی ناشیرین و بێکەڵک بووە. ئەوان وێنای درەخت و کلێساکانیان چەندین جار دووبارە دەکێشایەوە، لەبەرانبەردا ڤانکوخ چەندین جار هەموو هەنگاوە هیلاکەکانی جووتەپێڵاوەکانی دووپات دەکردەوە. ئەو لە پێڵاوەکانیدا ڕێگە پێیانییەکانی نووسیوەتەوە و هەنگاو بەهەنگاوی بە تۆز، خۆڵ، قوڕ، بۆنی گیا و نەگەیشتنەکانی، نیشانی هەستەکانی ئێمەی داوە.

تۆ دەتوانی لەنـــاو تابلۆکانەوە هیلاکیی، بێپارەیی، ڕێگە دوورەکان، چوون بەرەو کێڵگەی گەنم و ژووری پەتاتەخۆرەکان ببینیت. دەتوانیت هەســت بــە دوو پێی تەژی لــە ماندووبوون و نەوەســتان لە گلەیی بکەیــت. هایدگەر لەگەڵ بینینی جووتە پێڵاوەکەی ڤانکوخ، دەڵێت: ئەمەیە بنەچەی هونەر، هاوڕێکانی پێیان وابوو ئەمە ناشیرینییە، ئایا دەکرێ لە ژووری میوان و چێشـتخانە هەڵبواسـرێت؟ هەندێکیشیان دەیانپرســی ئەمــە چ پۆزشــێک هەڵدەگرێت؟ کرۆکی ئــەم زنجیرە کارەی ڤانکوخ بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئەمە ئەرک و ئامانجی هونەرە؟ لە کوێی فەلسەفە و جوانییدا شوێنی خۆی دەکاتەوە؟ بپرسین بەڕاستی ئەم پێڵاوانە، کە پڕن لە نیشاندانی ڕووخان و بێهیوایی، ئایا دەتوانین لە هەر شوێنێکی ماڵەوە هەڵی بواسین؟

ڤانکوخ کۆمەڵێک پرســیاری لە ڕێگەی پێڵاوەوە دروســتکرد. وایکرد لەناو هونەری نوێدا ببێتە کارێک، کە زۆرترین مشــتومڕی فەلســەفی و ڕەخنەیــی بــەدوای خۆیــدا بهێنێت، فەیلەســوف و ڕەخنەگرەکان بۆچوونــی جیایان لەســەر ئەم تابلۆیانە هەیــە؛ هەندێک پێیان وایە پێڵاوێکــی ئاســاییە و هەندێکیش لــە ڕووە کۆمەڵایەتییەکەوە لێی دەڕوانن و پێیان وایە کە پێڵاوی جووتیارێک بێت. شابیرۆ، پێیوایە ئەم پێڵاوانە، پێڵاوی خودی ڤانکوخ خۆیەتی. هەرچۆنێک بێت دواتر تووشــی ئەم پرســیارانە دەبینەوە، وەک چۆن ژاک دێریدا: ئایا ئەمە حەقیقەتی هونەرە؟ یان خۆمان بپرســین ئایا هیچ پێوەندییەکی بە شۆڕشەکەی مارکسەوە هەیە؟

ئەم پرسیارەیان بەهۆی نزیکی کاتی مردنی مارکس و بەرهەمهێنانی تابلۆکانەوە دێت، کە تەنیا سێ ساڵیان نێوانە.

لەکــۆی هەموو ئەو پرســیارانەی کە ڤانکوخ بەهــۆی ئەم پێڵاوانەوە دروســتی کردوون، دەگەینە پرســیارێکی کۆتایی، ئایا چی لە پشت پێیەکانەوە هەیە؟

بێگومان تاکە وەڵامیش تەنیا لای خودی ڤانکوخ خۆیەتی. خۆیشــی لە نامەیەکدا بۆ (تیۆ)ی برای نووسیویەتی: من وێنەکێشی جووتیار و لادێییەکانــم، بەڕاســتیش لەناو ئــەم هەڵکەوتەیــە دام. ئەمەش

ڕەنگە ببێتە وەڵامێکی گونجاو و تەواو بۆ ئەو پرسیارانەی لە بارەی تابلۆکانی جووتەپێڵاوەکانەوە دەکرێن.
هایدگەر دەڵێت: ئێمە کۆمەڵێک کەرەستە لە ژیانماندا بەکاردەهێنین و دەتوانین غەریزەی بەکارهێنانیشـیان بزانین، بەڵام کرۆکی کارەکە نابینرێـت، یاخود ونە لێمان، ئەم کـرۆک و جەوهەرە نادیارە هونەر دەیخاتە بەردیتەمان.
کەوایـە هونەر دۆزەرەوەی دیوی ڕاسـتی و شـاراوەی حەقیقەتە لە تێڕوانینی هایدگەرەوە دەردەکەوێت، کە ڤانکوخ ویسـتویەتی کرۆکی هونەر و حەقیقەت نیشـان بدات، شاراوەیی حەقیقەتیش لە نمایشی پێڵاوەکانـەوە بخرێتـە بەرچـاو، بە سـەیرکردنی پێڵاوەکانیشـەوە دەتوانیـن بڵێیـن: بەڵێ ئەمە بەڕاسـتی پێڵاوی ئاسـایی ڕۆژانەن و نمایشی ڕۆژانەی لادێییەک، یاخود جووتیارێک دەکەن.
ئەگەر داڤێنشی بە مۆنالیزا، ڕامبرانت بە ڕووناکیی، کاراڤاجیۆ بە پلەی ڕەنگیی و ڕافائیل ئەگەر بە مەریەمی پیرۆزە، ویسـتبێتیان جوانیی نیشـان بدەن، ئەوا ڤنسـت ڤانکوخ بە پێڵاوی لادێییەکەوە نیشانی داوە. بیریشـمان نەچێت ئەم زنجیرە تابلۆیە پێوەندی زۆری لەگەڵ فەلسـەفەی نوێ و هونەری نوێدا هەیە، کە هونەری ئەوسـاش دواتر بەرەو کۆنسـێپتچوالی هەنگاوی ناوە و بیر زیاتر خۆی فەرز کردوە.
ڤانکوخیـش لـە ڕێگەی پێڵاووە توانیویەتـی دەربڕین لە بێهیوایی، ژیانـی سـەخت و کۆڵەمەرگـی بکات و بڵێـت بەڵـێ هونەرمەندان کەرەستەیان زۆرە بۆ ئەوەی، کە دەیانەوێت دەریببڕن و دەشتوانرێت بیر لە پێڵاوێکیشـەوە نیشان بدرێت، یان بە نیشاندانی کورسییەک، یان ژوورێک پەیامی خۆت بگەیەنیت.
وێـڕای ئـەوەی، کە نیشـاندانی پێـڵاوی جووتیارێکـە، هەروەها لە تابلۆکاندا پێڵاوی ژنە جووتیاریش دەبینین، کە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە بەڕاستی ڤانکوخ هونەرمەندی لادێیی و جووتیارەکان بـووە، یان ئایا دەتوانین بڵێین: ئەمـە کاردانەوەی ڤانکوخ بووە بۆ بەرپەرچدانەوەی دروسـتبوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان و وەستانەوە بووبێت دژی بۆرژوازیەتی کۆمەڵگەی فەرەنسی ئەوسا. ئەگەر بێت و

ئەمەیان هۆکاری دروستکردنی تابلۆکان بێت، ئەوا دەشتوانین بڵێین: بەرپەرچدانەوەی خودی هونەرمەندیش بووە بۆ هونەر و هونەری کلاسیکی پێش خۆی، یان گۆڕینی ئاڕاستەی پەیامی هونەر بووە لەوکاتەی، کە هاوڕێکانی خەریکی هونەری باوی پێش خۆیان بوون.
ئەم زنجیرە جووتەپێڵاوانە، لە گرینگترین کارەکانی ڤانکوخن، لەسەردەمی جیاجیا وێنەی کێشاون و زیاتر لە تابلۆکانی تر، گرینگی پێیان داوە.
ڤانکوخ بە تاکە هونەرمەندی شێوەکاریی دادەنرێت، کە ئاوا گرینگی بە شتێکی سادەی، وەک پێڵاو دابێت و زنجیرەیەک کاری لێبەرهەم هێنابێت. زۆریش گوتویانە ئەمە لە پێناو ئەوەبووە، تاوەک یەکێک لە تابلۆکانی بفرۆشرێت، کە ئەمەش ئەگەرێکی لاوازە، هەرچەندیش ڤانکوخ تاوەک لە ژیاندا مابوو، هیچ یەکێک لە کارەکانی نەفرۆشراون.
خۆ پێڵاو هەر پێڵاوە و وەک کەرەستەیەکی پێویستی مرۆیی سەیر دەکرێت، بەڵام هەر کە دەگوترێت پێڵاوەکانی ڤانکوخ؛ ئەوا تەواوی ماناو شێوەی پێڵاو دەگۆڕێت و باسەکە دەپەڕێتە سەر تیۆری جیاجیا، فەلسەفە، سایکۆلۆژی و ڕوانینی تر، لە گۆشە نیگای ترەوە.
دەتوانین بۆ زیاتر تێگەیشتن لە ویست و ئامانجی ڤانکوخ، بگەڕێینەوە بۆ تابلۆی پەتاتەخۆرەکان و لەوێشەوە دووبارە بگەڕێینەوە بۆ جووتە پێڵاوەکان.
پەتاتەخۆرەکان ئەو جووتیارانەن، بەدەوری مێزێکی هەژارانەوە دوور لە پێکەنین، ئاسوودەیی و ڕۆمانسییەت، خەریکی ئەو ژەمە پەتاتەیەن، کە لەماڵەوە ئامادەیان کردووە. ئەمەش بۆ وێناکردنی هەژار، ئەوپەڕی ڕاستییە و دوورە لەهەر خۆشڵەژاندنێکی هونەریی، وەک چۆنیش ڤانکوخ لە نامەکەیدا بۆ براکەی هیچ لایەنێکی فەلسەفی، ناوەرۆکی و سایکۆلۆژیی باس نەکردووە و نەشهاتووە باس لە لایەنەکانی ڕووناکی، ئەناتۆمی و هەرچییەکی تر، ئاواش دەقاودەق فیگەرەکان و کەرەستەکانی لە شوێنی خۆی داناوە. هەژار، وەک هەژار و ماڵی هەژاران و خواردنیشیان وەک خۆیان. ئیتر پێڵاوەکانیش هەروەک پێڵاو و چیترنا.

ئەمــەش ئەوە دەگەیەنێت ڤانکوخ پێویســتی بــەوە نەبووە، بچێتە قووڵایی ڕێسا کلاسیکی، ڕەوتەکانی وێنەکێشان و بیەوێت بە ئامانجی نایاب، لە وێنەکێشــان بێتە دەرەوە، بەڵکە تەواوی ئەو دەربڕینانەی بریتیبوون لەوەی پێویستە ئەوەی دەیکات، بیکات.

وەک ئاماژەیەکیــش بۆ کەرەســتەکان و قەبــارەی زنجیرەی تابلۆی پێــڵاوەکان. بەڕەنگی ڕوونیی، لەســەر کانڤاس وێنەی کێشــاون، بە قەبارەی مامناوەندیی، بچووک و لەسەردەمی پۆستیمپرێشیۆنیستەکان بەرهەم هاتوون، زۆربەشــیان لە ساڵەکانی ١٨٨٦، ١٨٨٧ و ١٨٨٨ کاریان تێدا کراوە.

وەک ســتیل لایــڤ، مامەڵــە لەگەڵ ئــەم کارانە دەکرێــت و لەڕووی دابەشکارییەوە، ئەوا تەواوی ئۆبژێکتەکان لە ناوەڕاستی تابلۆکانەوە، پەیامی خۆیان گەیاندووە، جگە لەیەک تابلۆیان، کە ژمارەی پێڵاوەکان زیاترن و بوونەتە سێ جووت پێڵاو، تابلۆیەکیشیان بریتییە لە پێڵاوی ژنە جووتیارێک.

ڕەنگــی ڤانکوخیــی، تــەواو زاڵە بەســەر کارەکاندا، جگــە لە زیاتر بەکارهێنانی ڕەنگە گەرمەکان و بەشێوازی بەخاڵکردن یان تەنقیت، کە ڤانکوخ هەڵیبــژاردووە و کارەکانی ئەنجام داوە. ماوەتەوە بڵێین کــە: تەکنیکــە جیاوازەکەی ڤانکوخ، دەرخەری ئەو ڕاســتییەن، کە ناکرێــت هەرگیــز جووتێــک پێڵاوی تر، بــە هەمان شــێواز، هەمان دەربڕین، هەمان مەغزا، هەمان کرۆک و گەوهەر، دووبارە بکرێنەوە.